# دەسەلاتدارانی کوردستان و مەسەلەی ژنان

خولیا حسێن
( کەنەدا)

زۆر جار باس لە مافەکانی ژنان دەکرێت و هەر حزب و لایەنێك بە ئارەزرری بەرژەوەندیەکانی خۆی دەیهێنێت و دەیبات و قسەی لەسەر دەکات. بەلاَم ئەم قسەوباسانە تۆزقالێك لە ژێر دەستەیی و چەوسانەوەکانی ژنان کەم ناکاتەوە، چونکە ئەو قانوونەی لە کوردستان بەرێوە دەچێت و کاری پێ دەکریٚ هەمان قانوونی دژە ژنی رژێمی بەعسە و لە دینی ئیسلام وەرگیراوە، ئیتر هەرچی لێبکەن وچۆن دایبتاشن، زیادی بکەن و کەمی بکەن هەر ئەوەیە کە لە سایەیدا رۆژانە سوکایەتی بە ژنان دەکریٚ و لە سەر سەرەتاییترین مافەکانیان دەکوژرێن و ئەتك دەکرێن و لە کونجی ماڵەوە دەئاخنرێن و عەبا و حەمامەی ئاخوندەکانیان بەسەردا فەرز دەکرێت و لە مافی خوێندن بێبەش دەکرێن و بەهۆی لەبەر کردنی جل و بەرگی سەردەم تیزاب بە قاچ و دەستیاندا دەکەن و ئارایشگاکانیان دەتەقێننەوە و بە زۆری دەدرێن بەشوو و مافی خۆشەویستی و دڵداریان لیٚ زەوت دەکرێت.

ئەگەر لاپەرەی تاوانەکانی کوشتنی ژنان هەڵدەینەوە ئەوا هەرگیز چیرۆکە تراژیدیاکان کۆتاییان نایە، هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی دەسەلاٚتی حزبە سیاسیەکانی کوردستان، تەنانەت بە کۆمەڵ کوشتنی ژنان دەستی پێکرد، لە بادینان دەیان ژنیان کوشت بە بەلگەی ئەوەی گوایە لە کاتی دەسەلاتی بەعسدا پەیوەندیيان لەگەڵ ئەمنەکاندا هەبووە و بۆ بەرژەوەندی بەعس کاریان کردووە، لە کاتیکدا هەموو ئەو جاش و ئەمنەکانی کوردیان دەکوشت و دەست درێژیان دەکردە سەر ژنانی کورد. بەشدار بوون لە بەرێوەبردنی کوردستان و تەنانەت پلە و پایەی بەرزیشیان پیٚ سپێردرا

لە یادمە، منداڵ بووم ژنێك لە گوندەکەمان تیرۆر کرا هەرگیز لە یادم ناچێتەوە کە ببوو بە چیرۆکێکی ترسناك و دەگمەن، کەچی ئێستا لە سایەی کوردستانی ئازاددا، دەلیٚم بە داخەوە، کوشتنی ژنان بووە بە شتێکی رۆتین و کردەوەیەکی رۆژانە !!.

دیاردەی کوشتنی ژنان پەیوەندی بە ناوچەیەکی دیاری کراوی کوردستانەوە نییە

بەڵکوو لە ژێر دەسەلاٚتی پارتی و یەکێتیدا بە لگە نەویستە و هەموومان دەیزانین !!

من نامەویٚ لیستی تراژیدیاکانی تیرۆر کردنی ژنان بنووسم چونکە ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە ئەوەیە کە بە هۆی پەیرەو کردنی سیستەمی دین و داب و نەریتە کۆمەلاٚیەتیيەکانی کورد و لە ژێر دەسەلاٚتی حزبە سیاسیيەکانی کوردستان هەموو ئەو بیٚ مافیيانە بە ژنان دەکریٚ، لەگەل ئەوەشدا نابیٚ بلێین دین دەسەلاٚتێکی رەشە و لەگەڵ ژیانی سەردەم و گوزەرانی خەلك نایەتەوە. . چونکە ئەو بیٚ مافیانەی پەیرەو دەکریٚ سەرچاوەکەی لەدینی ئیسلام وەرگیراوە و لە ناو داب و نەریتی کوردەواریدا تواوەتەوە.

هەموو منداڵێکی کچ لە سەرەتای لە دایك بوونیيەوە بە ناو زنجیرەی جیاوازیيەکانی خۆیدا گوزەری کردووە و پیٚ بە پیٚ لە گەڵ گەورە بوونیدا جیاوازی و چەوسانەوەکانی زیادی کردووە. یەکەم زرینگەی زەنگی نایەکسانیيەکانی لە دەمی مامانەوە لێدەدرێت کە ژنێك منالێکی کچی دەبێت مامان دەلێت : <u>کچم ئەوەی خوا بدا ئەو باشە کچێکی باش سەد کور دێنیٚ</u> !! ئەمە بۆ دڵدانەوەی دایك و سارێژ کردنی برینی کاتی منداڵبوونەکەیەتی و سەرخۆشی کردنە لیٚی، <u>یان دەلێن ببیٚ بە خوشکی حەوت برایان</u>، ئەمە ئەوەیە ئەم داب و نەریتە موقەددەسەی وەکوو حەکایەتێکی سواو بو هێشتنەوەی ژنان بە پلە دوویی و بێبەشکردنیان لە مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەلاٚیەتیيکانیان رۆژانە لە دەزگا راگەیاندنەکانەوە بە گوێماندا دەدەن. ئەم داب و نەریتە کەی مقەدەسە کە مافی ژیان لە ژنێك دەسێنێتەوە تەنها

لەبەر ئەوەی کە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ پیاوێکدا هەیە و دەیەوێ نەخشەی ژیانی داهاتووی بە ئارەزووی خۆی بنەخشێنێ ؟ ئەم ئاینەی ئیسلام کەی پیرۆزە کە بوونی ژنان و جەستەیان بە شەرمەزاری دەزانێ و لە ناو عەبا و پەچە لوولیان دەداو شێوەی شیرینی مرۆڤانەیان دەشارێتەوە و وەکوو کالآیەکی بێ گیان مافی مامەڵە پێکردنیان دەداتە دەستی باوك و برا و مام و خاڵ و. . هتد ئەوانە هەموو ئەم دیاریانەن کە کە لەناو جەرگەی ئاینی ئیسلام و قانوونەکانی بەعس و داب و نەریتی کوردەواری بۆمان ماوەتەوە و رۆژانە دووبارە دەبنەوە تەنانەت بکوژەکانی ژنان بە ئارەزووی خۆیان بە پانایی کوردستان دێن و دەرۆن و دەسەڵاتدارانیش لە گوڵ کاڵتریان پێ نالێن !! لێرەدا دەبێت هەڵوێستەیەك بکەین و بڵێین : مانەوەی بارودۆخی ژنانی کوردستان لەم ئاستەدا و خوێنی هەموو ئەو ژنانەی کوژراون و دە کوژرێن لە ئەستۆی دەسەلآتدارانی کوردستانە چونکە ئەوانن پارێزەرانی هەموو ئەو عادات و تەقالیدانە ی دەبنە هۆی کوشتنی ژنان و ئەوانن هۆی هێشتنەوەی ئەم هۆکارانەی دەبنە هۆی چەوسانەوە و ژێر دەستەیی ژنان و هەر ئەوانیشن کپ کەرەوەی دەنگی نارەزایەتی ژنان و کەسانی یەکسانی خواز و هەر ئەوانیشن خنکێنەری ئاوات و ئارەزووەکانی ژنانی کوردستان !.

ئێمە نابێت بهێلین چیتر جەستەمان ببێتە خۆڵەمێشی ئاگر و سنگمان بکرێتە هەوارگەی گوللەی کۆنەپەرستان. ئیمە دەبێت خاوەنی بریارەکانی خۆمان بین و لە ناو چیرۆکی عەشقی بێ برانەوە پاڵەوانی خۆشبەختی بین، بۆیە دەبێت هەموو ئەو یاسایانە بسووتێنین کە هەتا ئێستا لە سایەیاندا ژن بە ژنە و گەورە بە بچووك و کرین و فرۆشتن و بە زۆر بەشوودان و بە کەم عەقل لە قەلەمدان و بە پلە دوو چاولێکردن و بە لێشاو کوشتن و زیندە بەچاڵکردنی ژنان لە سایەیدا بە رێوە دەچێت.